

**مافپەروەر نجم الدين حمه سعيد**
**بریاردەری کەیسەکانی کوردستان لە دادگای بالای تاوانەکانی عێراق**

**٢٠١١/٦/٦**

## وردەکارییەکانی بریاری دادگای بالای تاوانەکانی عێراق لەسەر کەیسی راپەڕین

کەیسی راپەڕین کە ناسراوە بە کەیسی (ڕِووداوەکانی ساڵی ١٩٩١) وبە هۆیەوە دادگای باڵای تاوانەکان لێپێچینەوە دەکات لەو پێشێلکاریە دژە مرۆڤایەتیانەی سەرانی رژێم ئەنجامیان داوە لەکاتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی ساڵی (١٩٩١)کە گەلانی عێراق ئەنجامیان داوە ولە ئاکامیدا هەزاران کوژراو بریندار وکەم ئەندام وزەرەر وزیانێکی ماڵیی گەورەی لێکەوتەوە، کەیسی ناوبراو هەموو شارەکانی عێراق دەگرێتەوە بەهەرێمی کوردستانیشەوە جگە لە پێنج پارێزگای سونە نشینی (ێلاح الدین، نینوی، بغداد، انبار ودیالی) کە ڕاپەڕین تیایاندا ڕووی نەداوە، وەجگەلە دوو پارێزگای (بێرە وعمارە)ی خواروی عێراق کە بە کەیسێکی تایبەت دادبینیان تێدا کرا، بەو هۆیانەوە دادگای باڵای تاوانەکان ڕۆژی(٢٠١١/٦/٦) کاتژمێر (١١:٣١)ی سەرلەبەیانی لە (٦١)ـەمین دانیشتنی خۆیدا بڕیارەکانی دادگای بەسەر تاوانباراندا سەپاند، دانیشتنەکەی دادگا بە سەرۆکایەتی دادوەر (ئاسۆ محمد) بەڕێوە چوو کەچوار دادوەری تر یاریدەدەری بوون ولەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) ی تایبەت بە دادگای باڵای تاوانەکان ویاسای سزاکانی عێراقی دادگا بڕیارەکانی خوی ڕێکخستبوو کە زۆرینەی تاوانبارانی بە ماددەی(١٢) ی یاسای ژمارە (١٠) سزادا، کە هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دراون.

لەو دانیشتنەی دادگادا (٣٦) تاوانباری سەرەکی ئامادە کرابوون کە لە ئەنجامی دادبینیدا دادگا بڕیاڕی خۆی بەم جۆرە بەسەریاندا سەپاند (سزای لە سێدارەدان بەسەر (٣) تاوانبار، سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی بەسەر (٤) تاوانبار، سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن بەسەر (١٣) تاوانباردا سەپاند، وە (١٥) تاوانبارکراوی دیکە بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو لەسەریان بڕیاری بەربوونیان بۆ دەرچوو) هەروەها دادگا بڕیاری دا هەموو ئەوانەی بەو ڕووداوانەدا تووشی زەرەرو زیانی گیانی وجەستەیی ومولْك وماڵ بوون، ئەوا لە ڕێگەی دادگاکانی بەراییەوە لە سنوورەکانی خۆیان داوا تۆمار بکەن وبەهۆیەوە قەرەبوو دەکرێنەوە، وە ماوەی (١) مانگ بوار هەیە لەبەردەم تاوانباران وداواکار وزیان لێکەوتوان کە داوای تمییز کردنەوە پێشکەش بە دەستەی تمییزی دادگای باڵای تاوانەکان عێراق بکەن.

شایانی ئاماژەیە کە لە هەموو دانیشتنەکانی ئەو کەیسەدا تەنها پارێزەرانی هەرێمی کوردستان ئامادەی دادگا بوون بە مەبەستی داکۆکی کردن لە زیان لێکەوتوانی ڕاپەڕین کە ئەوانیش لە لایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکانەوە ئامادە کرابوون، هەروەها توانراوە بۆ ئەو کەیسە (٦٢) کەس وەك داواکار و شایەتحاڵ لە هەرێمی کوردستانەوە بگەیەنرێنە دادگای باڵای تاوانەکان کە بەم شێوەیە دابەش بوون ( هەولێر-

٣٣ کەس، کەرکوك ــ ٢٠ کەس، دهۆك-٧ کەس، سلێمانی -٢ کەس) وە لەدوا دانیشتندا شاندی وەزارەت ئامادەی دادبینیەکە بوون کە بریتی بوون لەنوێنەرانی لیژنەی بەدوادا چوونی کەیسەکانی کوردستان ورِیکخراوەکانی کومەڵگای مەدەنی وتیمی پارێزەرانی کەیسی ناوبراو.
لە خوارەوە لیستی ناوی تاوانباران وجۆری سزاکەی لەو دادبینیەدا دەخەینە رِوو کە بۆ خۆمان لە کاتی دانیشتنەکان تۆمارمان کردووە .

| ژمارە ناوی تاوانباران | سزای سەپێنراو بە سەریدا |
| --- | --- |
| ١. کمال مێگفی | سزای لە سێدارەدان |
| ٢. عزیز ێالح النومان | سزای لە سێدارەدان |
| ٣. مزبان خچر هادی | سزای لە سێدارەدان |
| ٤. محمود فیزی الفزاع | سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی |
| ٥. وگبان ابراهیم حسن | سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی |
| ٦. محسن خچر الخفاجی | سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی |
| ٧. قائد حسین عوادی | سزای زیندانی کردنی هەتاهەتایی |
| ٨. گارق عزیز عیسی | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ٩. سمیر عبدالعزیز نجم | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٠. برزان عبدالغفور | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١١. ڤاهر شرافە جاسم | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٢. عبد زید شنیوە جبار | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٣. شهید مگهر فرعون | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٤. حامد جمیل خچیر | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٥. عبدالستار مولود اسماعیل | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٦. عبد زید علی | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٧. عبدالهادی لفتە سلمان | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٨. ناگق بهلول محمود | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ١٩. عدنان محمود نیّار | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ٢٠. هاشم عایّی عریبی | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ٢١. محمد مجول حسون | سزای (١٥) ساڵ زیندانی کردن |
| ٢٢. لگیف نێیف جاسم | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٢٣. حامد یوسف حمادی | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٢٤. حبیب گعمە فتحی | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٢٥. عبدالحسین حیدر | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٢٦. ناڤم محمد جبار | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٢٧. عبد حسن مجید | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |

| | |
|---|---|
| ٢٨. مزاحم ێعب الحسن | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٢٩. سعد ێالح | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٣٠. هانی عبد اللگیف گلفاح | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٣١. غالب عمر مهدی | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٣٢. احمد حسین خچیر | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٣٣. محمد فرج بلال | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٣٤. محمد رچا علی | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٣٥کریم جاسم نفوس | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |
| ٣٦. عبدالحمید سلیمان | بەربوون بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو |